کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-10-2007 20:28بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# پەیامێک لە ئایندەوە ... ئەریک فرۆم ... و: بەهزاد حەوێزی

b_hawezy@yahoo. com

چی دەبێتە هۆی تێکشکانی هەڵچووناوییانەو ئەقلیانە لای ئادەمیزاد؟ ئەو دێرە دەشێ بەسەرچاوەی



بیرۆکەی ئەو گەشتەوروژێنەروسەرنجراکێشە دۆزەرەوانەیەی دابنێین، کە گەلەك مشەخەتی وموتعەوسەرسرمانی بەخۆوەگرتووە، لەسونگەی ئەمەوە ئەریك فرۆم لە کتێبی (ئادەمیزاد لە پێناوی خۆیدا) تۆژینەوەیەك دەخاتەڕوو لەرووی سایکۆلۆجیەتی ئەخلاق، بەشێوەیەکی قووڵ بەرەو نێوناخ ودەروونی مرۆیی پەلکێشمان دەکات وبڵند لە ئاسمانی خۆشەویستی وئازادی وفەزیلەت هەڵدەفڕێت بەهەستونەستێکی ئەوتۆ (نەبەردانەی شۆڕشگێڕانە وبەرپرسێتی جیهان) لەمەڕ خەسڵەتەکانی سروشتی مرۆیی، ئازارەکانی، بەربەستەکانی، گرفتەکانی وجودی مرۆیی وپێوەرەمۆرالیەکانی، گەلەپرسیاری ئەوتۆ لەئێمەدا وەئاگادێنێت وجەسارەت ناکەین یا ناکارین راست ودروست توخنیان بکەوین.

هۆی ئەو سووکایەتیەئەخلاقیەی رەوشی مرۆیی دەبێ چیبێ؟ ئادەمیزاد چییە وکێیە، دەبێ چۆن بژیت، خێر چییە، شەڕچییە؟؟ زەلالەت وجوانمەردی چنە، ئەو ئەو چەمکە باوە، سواوانە هەڵدەگێڕدەتەوە، رەونەقی ئادەمیزاد شکۆداردەکات بەسەرکەوتنی بەسەر سروشتدا، ئەو بەوەعزودروشمی پووچ وئامۆژگاریی ئەوکارەئەنجانادات، بگرە لەرێی ململانەیەکی سەخت دژ بە رەهاگەرایی وحەتمیەتێتی ساویلکانە وریژەگەرایی لەیەککاتدا، دژ بە فەلسەفەی زاڵیەتیی ئەخلاق، بە جەختکردنەسەر توانای ئادەمیزاد بۆ گەیشتن بە پرەنسیپەپێوەرییەکان.

پرسیار دەکات، بەدوای رەگوریشاڵی فەلسەفەودەروونشکاریدا دەگەڕێت، زانستی ئابووری وبازاڕ، کۆمەڵناسی، ماکەکانی بەها چنە؟ زانستی نێیچەر (nature) تاچەند پێویستە بۆ گەشەی تیۆری مۆراڵ؟ فرۆیدوقوتابخانەکەی رۆڵیان چیە لە شێواندنی پرسەئەخلاقیەکان؟ ئەو لەمیانەی دیالۆگ وجەدەلدا دژ فەلسەفەی ئەخلاقە جیاوازی نێوان خۆپەرستی وخودویستی دەکات، لەنێوان چالاکی (بەمانای سەرقاڵی ئیش) وبەرهەم، نێوان خۆشەویستی و هەبوون - تەمەلوك- و لەززەت وشادی.

فرۆم لەمیانەی دووتوێی ئەو کتێبەدا هەگبەی هەرەگرنگترین ئەو تیۆرانەی لەززەت وبەختەوەری رووەدەکات هەرلە ئەبیقۆرەوە تاوەکو فلاتون وئەرستۆ، بەوپەڕی دیقەت وهێوریەوە رەخنە لە غەریزەی مردن وتیۆری دوانەیی (خێروشەڕ) دەگرێت، دەپرسێت ئایا خێروشەڕ هەردوو ئیمکانیەت لەرووی هێزەوە لای ئادەمیزاد یەکسانن؟ ئەوەش روون دەکاتەوە (چەمکی ئیمکانیەت تەنیا لەرووی پەیوەستی بەو مەرجەتایبەتیانەی بەدیهاتنە کردەییەکەی رەچاوی دەکات و پێی پێویستە دەکرێ ماناداربێت) ئایا هەلومەرجی لەباری سەرهەڵدانی خێر هەردەبێ پاداشت وسزا لەخۆبگرێ؟ ئایا ئادەمیزاد دەتوانێت بەبێ ئیمان بژی؟ ئایا ئیمان جیایە لە بیرکردنەوەی زانستیانە و بەزەروورەت لێی دابڕاوە؟ ئایا دەکرێ بۆ دین بگەڕێینەوە؟ ئەو پرسیارانەوکۆمەڵەپرسیارێکی دیکە ەلدووتوێی ئەو کتێبەئێخەت دەگرن.

تۆ ناتوانی رستە یا بڕگەیێ لەو کتێبە بەجودادابڕی، چوون بیروڕای ئەوتۆی لێوەدێنەئاراوە ولەپرۆسەی رۆنان وهاوسازی بەجۆرێك یەکدیگیرن وەکو بڵێی بەهۆی ئەو پتەویەی بڕوای فرۆم بە سروشتی مرۆیی بیروراکانی ئەوها دادەڕێژێت بەشێوەیەك نەکرێ جێگەیجوێکاری یادابەشکاری تیاهەبێ یا لادانی هەر بەشێك بەبێ ئەوەی درزی تێنەکەوێ، جگەلەوە گەر گەلەك کتێب دەکرێ کورت وچڕوپوخت بکرێنەوە ئەوە ئەو کتێبەی فرۆم بەپێچەوانەوە زێترمایەی شرۆڤەودرێژکارییە، رەنگە وەك

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
2007-10-8 20:28بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

بەردی بناغەی تیۆرێکی نوێ لەزانستی مۆراڵ لەقەڵەم بدرێ، ئەو زانستەی ئەمڕۆ لە هەر ڕۆژێك زیاتر پێویستیمان بەبونیاتنانیەتی دوای ئەو گەماڕۆوشێواندن ووێرانیەی تەبای ئادەمیزادی هاوچەرخ بەسەریداهات.

فرۆم ئادەمیزاد بە بوونەوەرێکی مەبەستداروبەبەها دادەنێت ئەو پێی وایە شکۆیی بەشەریەت لە تێگەیشتن وهۆشیاربوونی مرۆڤ دایە بەوەی یەکەمجار لەخودی خۆی بکۆڵتەوە و هەمیشە لە ناخ وناوەرۆکیا تێهەڵچیتەوە بەمەبەستی گەیشتنی بە ئازادی وئاسوودەیی وشادی، ئەو خەمخۆری مرۆڤی ئایندەیە لە کتێبی ( (ئادەمیزاد لە پێناوی خۆیدا: تۆژینەوەیێ لە سایکۆلۆجیای مۆراڵ) ) دا دەڵێت (گوێگرتنی مرۆڤ لە خودی خۆی زۆر ئەستەمە، چونکە ئەو هونەرە توانایەکی دیکەی گەرەکە لە ئادەمیزادی نوێ دەگمەنە.... ) ئەو لە نوختەنیگای خودشیکارییەوەی ئادەمیزادەوە هەنگاو داوێ لە فامکردنی خودی خۆی ئەو پێکهاتە ئاڵۆزەی، ئینجا بەرەو دەوروبەروجیهان ئەویش بەهەمان ڕێچکەی تێگەیشتن وفامکردن جا ئەو دوورێچکەیەش تێهەڵکێش.

ئەو گەشتە بەراستی مایەی بایەخدان ولالێکردنەوەیە تۆ لەگەڵ فرۆمدا تەنیا بەدوای دەرزیلەیێ (دەرزیلەی ئەو قیبلەنومایەی فەرهەنگی بازاڕ لێکیترازاند) لە نێوباوەشێك پووشوپەڵاشدا ناگەڕێی، بگرە ئامرازورێچکەی ئەوتۆش بەدیدەکەیت بۆ لادانی ئەو پووش ودووکەڵەی سەر هەستونەستی سروشتی تەنیوی بۆئەوەی توانات بێتەوەبەر لەمەڕ جیاکاری نێوان ڕەخنەی داهێنەرانەویەئسی وێرانکارانە، نێوان ژیان ومردن، ئایا کەس هەیە بە بەجیاوازی نێوان مردن وژیان نەزانی؟ ئەمە لەتەك فرۆما دەیدۆزیەوەن هەروەها تاچەند ژیان وێران دەکەین –نەك هەر ژیانی ئەوانیدیکە بەڵکە ژیانی خۆشمان –واش زەندەکەین گوایە بەپێچەوانەوەیە، فرۆم لەو گەشتەی پەیامێك لە ئایندەوە تەرجەمەدەکات، بەگشت دەڵێت: تاکەکەس ودەزگاکان، دەوڵەت وکۆمەڵگاکان، پاشاوگەدا، تۆ بەرپرسیت، تۆ بەرپرسی لە چارەکردنی گیروگرفتی بوونت، تۆ بەرپرسی لەگیروگرفتی وەلانان وبەپەراوێزکردنت، تۆ بەرپرسی لە ترس وئەوین وئیمانەکەت، تۆ بەرپرسی لە بەختەوەری وشادی مرۆییانە، ئەودوومێرگەی مۆراڵی مرۆیی، کە ئیمکاناتی مرۆڤ ئاوەڵاوپێدەگەیەنن، ئەو مێرگەی هەرەزێدەپاراوودەوڵەمەندەن دەوڵەمەندتر لەهەر کێڵگەیەکی نەوت لەجیهاندا.

ئەریك فرۆم ئەوبەرپرسیاریەتیەت وەك تۆمەتێك ناخاتە پاڵ، بگرە دەستت دەگرێت بەرەو پێگەئینسانیەتەکەت، بەو پەنجەرۆشن وتیشکاوێژەی متمانەوموحیبەت پڕژێنن، تاجی بەرپرسیەتێکت دەخاتەسەر شایستەی تۆیە.

لەو سەردەمە بێباك وتیژڕۆوهەناسەتەنگەوبوودەڵەیەدا، پێویستە هەرهەموومان خۆ بەو مەعریفەیە دەوڵەمەند بکەین، بۆوەی شایەنی شکۆوئایندەیەکی ڕۆشن بن دەبێت، ئەقڵ وروح ڕۆشن بکەین، لە تاریکستانی جەهالەت ووەهم وقەڵپ بەهەر نرخێك بێت دەربچین، بۆیە پێویستە فرۆم بخوێنینەوەوتێی بگەین، ئەو بەسادەو قووڵی ورەوانی دەینووسی، بە وردیوهۆشیارانە پێدادەچۆوەو وەك سپێدەیەکی ڕوون وبێگەرد شنەبایەکی نموونەیی پڕ لە ئومێدی دەبەخشیە جیهان، پێویستە لەبەر ئەو کانیاوە بحەسێیەتەوەو وچانێك بدەی بۆ سەرنج ورامان و وردبوونەوەوتێگەیشتن شلۆقەکردن وشیکردنەوەوقووڵبوونەوەو سوودوەرگرتن.
******************************************

(*) کتێبی ( (ئادەمیزاد لەپێناوی خۆیدا - تۆژینەوەیێ لە سایکۆلۆجیای مۆراڵ) ) نووسینی: ئەریك فرۆم، وەرگێرانی بۆ عەرەبی: مەحمود مونقیز مەشهەدانی / وەزارەتی ڕۆشنبیریی / سوریا - دیمەشق 2007.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.